# نەهیشتنی رەگەزپەرستەکان بەسەر جادەکانمانەوە!

رۆژی 6-6-2005 رۆژی نەتەوەی سوید بە پشوو راگەیەنرا؟؟

لەم رۆژەدا بەرەی چەپی کۆمەلگا بە جۆرەها ریکخراوو حیزبییەوە رژانە سەرجادەکان لە دژی رەگەزپەرستی و ناسیونالیزم و فاشیزم، بە ووتنەوەی شعاری ( دیوارەکان بروخین، هەموو شتیك بۆ هەموان بیت. نەهیشتنی رەگەزپەرستەکان بەسەر جادەکانەوە. هاوپشتی نیونەتەوەی، یەکگرتنی خەباتی چینایەتی....). لەم رۆژەدا ( ریکخراوی ئازادی ژن، کۆمیتەی دفاع لە ژنان لەعیراق، فدراسیۆنی پەنابەرانی ئیران، بەهاوکاری حیزبی سوشیالستی سویدی، کەمپینی قوتابیانی سوید، هەلمەتی دژی فاشستی سوید ..) خۆپیشاندانیکی مەزنیان سازدا لەبەردەمی پەرلەمانی سوید وە بەمەسیرە بەسەر جادەکانی ناوەندی شاری ستۆکهۆلمدا گەران.

(هلاله رافع) یەکیك بوولە قسەکەرانی ئەم خۆپیشاندانە، وە هەروەها سەدەها نوسخە لەنووسینی رابەری کۆمۆنیستی (مەنسور حکمت ) سەبارەت بە ناسیۆنالیزم بلاوکرایەوە لەگەل بەیاننامەو ماتریالی گۆنگرەی ئازادی عیراق.

شایەنی باسە لەم سالدا هیزی دژی راسیزم و ناسیۆنالیزم و فاشیزم بە هیزوو توانایيەکی بەرچاوەوە بە شعاری مافی بەرابەر بۆ هەموو هاوولاتیان بەبی لەبەر چاوگرتنی نەتەوە رەنگی پیست وە زمان هاتە سەر جادە وە خۆی نواند، ئەم هیزە بەشیك بوو لەهەمان هیزی دژی شەر لەسەرەتای داسەپاندنی شەری ئەمریکا بەسەر عیراقدا، وە هەروەها دریژەی هەمان کەمپینی سەراسەری ئەم دواییانە بوو بۆ دفاع لە مافی پەنابەری بۆهەمووان.

کۆمیتەی سویدی حزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

2005-6-6